ئەندازیار
محمدامین هەورامانی





Foreign Direct Investment-FDI وەبەرهێنانی بیانی ڕاستەوخۆ

## Successful Foreign Investment

The successful foreign investment is to establish win–win relation between foreign investor and its recipient. Investment should not be the unilateral profit making activity for either party.

Knowing the national interests and needs is the vary starting point. The national strategy would be the overall guideline to investigate more concrete and detail projects for the investment. Depending on the nature of the projects, it could be determined whether foreign investment is indispensable or preferable.

For the investors, the investment is one of the economic activities putting existing asset into a certain field to make profit from it. Any type of investment accompanies with various type of risk. When the investors are positive with determinate aim, they are willing to take the risk. On contrary, if they do not have any convincing motive for  investment they are not ready to take big risk. When they look for the proper forum to investment, they shall compare the merit and risk with the other alternatives. In any case, the creditableness for potential risk and profit is the essential information for the potential investors to go forward.
Therefore, through the research of the foreign investors' interest, it is requested for the recipient to present the potential investors the convenient environment for them by reducing predictable potential risk for investment. Provision of appropriate information, useful facility and advantageous favorable treatment would be essential to attract foreign investment. These bilateral approaches, from national concern and foreign investors' intention, shall lead to achieve the bilateral interest.

Taking this opportunity for training in Japan, Let's imagine how we can make the investment successful both for Iraq, Kurdistan Region which is more secure and Japan.

پرۆسەی وەبەرهێنانی دروست و سەرکەوت و بە هەموو جۆرەکانی, ناوخۆیی و بیانی لە کەرتە جیاجیاکانی ئابوریدا, ئەگەر شەفافانە بەڕێوەببرێت و چاودێرییێکی وورد بکرێت بەگوێرەی ڕێکارە یاساییەکان لە بەرژەوەندی گشتی, واتە دوور لە دەست تێوەردان و بەرژەوەندیە تایبەت و کەسیەکان لە هەموو ئاستەکاندا, ئەوسا وەبەرهێنان , بوژاندنەوەی زیاترو و دینامیکیەت دەدات بە ئابوری وڵات و هەلی کارکردن بۆ هاوڵاتیان فەراهۆش دەکات.

مەبەست لە وەبەرهێنانی بیانی ڕاستەوخۆ, گواستنەوەو شوێن گۆڕکێی سەرمایەو سەرمایەگوزاریە نێودەوڵەتیەکانە لە وڵاتێکەوە یان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر, لە ڕێگەی کومپانیا ناسراوو هەمەجنسیەکانەوە Multinational Corporation یان کومپانیا وابەستەکانیان بۆ کۆنترۆڵ و کاریگەری زیاتر بۆ ئیدارەی کومپانیا بیانیەکان لە ژینگەی گەنجاودا, هەروەها وەبەرهێنانی بیانی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر وڵاتی هەناردەو وڵاتی هاوردە هەیە ئەوەی پەیوەندی بە هیزی کار, ئاڵوگۆڕە بازرگانیەکان وە بوژاندنەوەی بازرگانی, خاوەندارێتی یان ئیدارەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ, چالاکێکی وەبەرهێنان: وەك بەرهەمهێنان, بەبازاڕکردن, پیشەسازی, خزمەتگوزاری ..هتد لە دەرەوەی وڵاتی دایك, وە پێناسەی جیاوازیش هەیە بۆ ئەم کومپانیایانە پەیوەندە بە قەبارەی سەرمایەی دارایی و ژمارەی ستاف ئەم کومپانیایانە وەهەروەها بڕو سوڕی دارایی و فرۆشیاریی ساڵانەیان Turnover.

وەبەرهێنان بەگشتی و وەبەرهێنانی بیانی بەتایبەتی بە هەموو خەسڵەتەکانیەوە بوًخوی ڕیفۆرمە لە بازرگانی کلاسیك و شوێن گۆڕکێی کارپێکردنی کارگەکان و جۆری بەرهەمەکانیان بەگوێرەی پێویستی و ژینگەی لەبار لەو شوێنەی کە وەبەرهێنانی تیا ئەنجام دەدرێت وەك بوونی **سەرچاوەی سروشتی و هێزی کار** بە پلەی یەکەم , بۆیە وەبەرهێنان شۆڕشێك و پرۆسەییێکی ئابووری بەردەوامە لەم سەردەمە نوێەداو هیچی کەمتر نیە ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازی ئەوروپا لە سەدەکانی ڕابردوداو شۆڕشی گەیاندن و تەکنۆلۆجی نوێی ئەم سەردەمە کە بەشێکی زۆری لە ڕێگەی پرۆسەی وەبەرهێنانەوە ئەنجام دەدرێت , کە بۆ خۆیشی پرۆسەی وەبەرهێنان هەر لەوێوە پەرەی سەندو زیاتر ناسراو بڵاو بوەوە هاوکات لەگەڵ پێشکەوتنی یاساو ڕێکارەکانی پرۆسەی بازرگانی نێودەوڵەتی لە سەردەمی گلۆبالیزم داو, ئاسانکاری و پێشکەوتنی هۆیەکانی گواستنەوەی دەریایی و ئاسمانی و وشکایی و ڕێکخستنی باجە گمرگیەگان بە ئاسانکاری واڵاکردنی سنورەکان بەڕوی وەبەرهێنەرەکانەوە بە کردنەوەی ناوچە بازرگانی و پیشەسازیە ئازادەکان Free Zones , بۆیە ئەمڕۆ بە باشتر دەزانرێت کە وەبەرهێنان بە هاوکاری و پشکداری حکومی و کەرتی تایبەت واتە لایەنە پەیوەندارەکان ئەنجام بدرێت, بۆیە وەبەرهێنان ئەمڕۆ نەك هەر بوەتە پلان و پرۆژەی جۆراوجۆی ئابوری وڵات بەڵکو لە وڵاتانی پێشکەوتودا چوەتە قۆناغێکی پێشکەوتو لە بواری جێبەجێکردن و ڕوبەرێك لە بیرکردنەوەی خەڵکی چالاکی کۆمەڵگای داگیر کردوەو بوەتە وێردی سەرزمانی بەرپرسانی حکومی و چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵ لە کاسبکارو میدیاکارو ئابوریناس و سەرمایەدارو بگرە خودی هاوڵاتیانی سادەش لە سەرانسەری دونیادا, کاتێك

هەموان لە پرۆسەی وەبەرهێنان بەشدارن هەر یەکە بە تواناو پشکی خۆی و, سوودو قازانجەکانیش بە هەمان ڕێژەی بەشداری دابەش دەکرێت, بۆیە چاوەڕوانی بوژاندنەوەی ئابووری و زیادکرنی هەلی کار بۆ هاوڵاتیان و برەوپێدانی سەرمایەی سەرمایەدارانیشی لێوە بەدی دەکرێت جگە لە بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی و بەرهەمی کۆمەڵگا بە گشتی و پرۆسەی شەفافیەت بەتایبەتی.




<u>**پەرەپێدانی وەبەرهێنانی بیانی ڕاستەوخۆ کە ناسراوە بە** FDI واتە (Foreign Direct Investment Promotion)</u> سەرنجمی ڕاکێشا زیاتر

کاتێك کە بەشداریم کرد لە چەند خولێکی ئاژانسی جایکای یابانی,کە دواییینیان تایبەت بوو بەم بابەتەی وەبەرهیان لە نێوان 2013/12/2 بۆ 2013/12/21 دەربارەی FDI , کە ڕێکخرا لە لایەن ئاژانسی نێودەولەتی جایکای ژاپۆنی کە ناسراوە بە:

( Japan International Cooperation Agency - JICA ) کەوەزارەتەکەمان چەند پرۆژەیێکی ژێرخانی ئابووری گرنگی کەرتی کارەبا لەلایەن ژاپۆنەوە تەمویلی دارایی دەکرێت لە شێوەی قەرزی درێژخایەن بۆ حکومەتی ئیتیحادی عێراق و لەسەر ئەو بناغەیەش پشکی هەرێم دیاریکراوە.

بێگومان ئەم ئاژانسەی جایکا بەشێوەی گشتی و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی, بەرپرسە لە ئیدارەو ڕاپەڕاندنی گشت پرۆژەو کاروبارو بەرژەوەندیە نێودەوڵەتیە ئابووری و داراییەکانی وڵاتی ژاپۆن لە هەندەران و لە هەمان کاتدا دۆزینەوەی بازاری گونجاوو هەلی وەبەرهێنان بۆ کۆمپانیا ژاپۆنیەکان و بە بازارکردنی ئامێرو تەکنۆلۆجیاکەیان کەبە باشترین جۆر ( Best Available Technology -BTA دەژمێررێت لەسەر ئاستی دونیا, ئاژانسی نێودەوڵەتی جایکای ژاپۆنی ئەم بابەتەی وەبەرهێنانی هەڵبژاردبوو بۆ کارمەندانی پێشکەوتوی وەزارەت و دەزگا پەیوەندارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان کە زۆر جاریش خولی لەم بابەتەو جۆری تری ئابووری , ئیدارەی پرۆژە جیاوازەکانی وزە و وزە نوێبوەکان Renewable Energy و هایدرۆپاوەر ..هتد , سازدەکات بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشتو Developing Countries لە کیشوەرەکانی ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتین کە جایکا پرۆژەی هاوکاری و هەماهەنگی هەیە لەگەڵیان بەتایبەتیش پێدانی قەرزی درێژخایەن Soft Loan یان بەخشین Grant بۆ پرۆژەکانی ژێرخانی ئابوری و مرۆیی وە هەندێك

جاریش له ڕێگەی ڕێکخراوە خۆبەخش و ( ئێن جی ئۆ ) کانەوە NGO بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی توانای Capacity Building بۆ کارمەندانی ئەوڵاتانە, شایانی باسە جایکا لە سەرەتای ساڵی 2004 هەتا ئێستا دەیان خولی هەمەجۆریان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تەکنیکی فەرمانبەرانی عێراق و حکومەتی هەرێم لە وەزارەت و دەزگا پەیوەندارەکان کردوەتەوە لە ئاست و پۆستە جیاوازەکاندا کە زۆر سوود بەخش بوون.

وڵاتی ژاپۆن و ژاپۆنیەکان کە هەتا پێش چەند ساڵێک یەکێك بوون لە دوەم گەورەترین هێزی ئابوری دونیا لە دوای ئەمریکاو کە بە گشتی ناسراون بە ئەزموونێکی سەرکەوتوی ئابوری و داهێنان و وەبەرهێنان, وە بەتایبەتیش لە دوای جەنگی جیهانی دوەم و لە ماوەیێکی کەمدا توانیان ئاستی بژێوی گەلەکەیان بگەیێننە لوتکە, ئەویش بە پیادەکردنی سیستەمی حوکمڕانی باش کە ناسراوە بە حوکمی ڕەشید واتە Good Governance وەك هەنگاوی یەکەم , بێگومان کە حوکمڕانی باش بەردی بناغەی پێشکەوتنە, پاشان پڕۆسەی ڕیفۆرم و چاکسازی لە کەرتە جیاجیاکاندا بە تایبەتیش ئابووری و پەروەردەو خویندنی باڵا ...هتد

## <u>بواری لێکۆلینەوەو پێشکەوتن واتە ( R & D ):</u>

جیَ ی ئاماژەیە لێرەدا کە تیشك بخەمە سەر لایەنێکی گرنگ و کەرتێکی هەستیاری پێشکەوتن کە هەتا ئێستەش جێگەی گرنگی دانی حوکمڕان و دەزگاو زانگۆو کومپانیاکانی ژاپۆنە, **سەرەڕای کەرتی پەروەردەو فێرکردن, ئەویش کەرتی لێکۆلینەوەو پێشکەوتنە واتە ( R & D ) کە کورتکراوەی Research and Development کە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە داهێنان و بەرهەمهێنانی تەکنۆلۆجی نویَ و برەودان بە پڕۆسەی ئابووری و وەبەرهێنانەوە هەیە** و ساڵانە بودجەی تایبەت بۆ ئەم کەرتە واتە ( R & D ) تەرخان دەکرێت کە بە نزیکەی 5% پێنچ لە سەدی بودجەی گشتی وڵات مەزەندە دەکرێت و هەر ساڵێك ڕێژەکەی بە گوێرەی پێویستی بۆ جۆرو ئاستی توێژینەوەکان دەگۆڕرێت , ئەم لێکۆلینەوانەش ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە پێشخستن و بوژاندنەوەی کەرتی ئابوری و وەبەرهێنانەوە هەیە کە بەشێکی زۆریشی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پێشخستنی بەهرەو بەرهەمی کومپانیاکانی کەرتی تایبەتەوە هەیەو بەشێکی خەرجەکانی لێکۆلینەوەکانیش لە ئەستۆی ئەواندایە , بە پێچەوانەی عێراق و هەرێمی کوردستان و زۆر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین کە لە بڕگەکانی بوجەی ساڵانەی وڵاتدا ئەم بابەتە زۆر جار ڕاستەخۆ بوونی نیە, یان ئەگەر هەشبێت بە دروستی جێبەجیَ ناکرێت و کومپانیاکانی کەرتی تایبەتیش ئەمە بەکاری خۆیان نازانن, کە ئەمە زۆر جێگەی نیگەرانیە , هەر بۆیەش لەم وڵاتانەی ئێمەدا داهێنان لاوازەو هەمیشە مرۆڤی بەهرەمەندو بیرمەندو بە ئەزموون و زانست و ڕیفۆرم خواز دوورە لە مەڵبەندی بریاردان یان لە ناچاری بۆ خۆی کەنار دەگرێت و بەرەو شوێنێك دەڕوات کە بیروڕاو بەهرەکانی ڕەواجیان هەبێت و گوێی لیَ ڕابگیرێت .

بێگومان ژاپۆنیەکان ئەم دۆخەی عێراقیان زۆر بەووردی هەڵسەنگاندوە بە ئامارو ڕاپۆرتی وردەوە, بە تایبەتیش دەوڵەمەندی لە سەرچاوە سروشتیەکانداو ناشیانەوێت دەستی لێ بەر بدەن, سەرەڕای ئەوەی کە ژاپۆن پەیوەندی و ئەزمونێکی دێرینیان لەگەڵ عێراق هەبوە, هەر بۆیە هەتا ئێستاش لە هەوڵدانی جدی دان بە هەرێمی کوردستانیشەوە بۆ وەبەرهێنانی ڕاستەخۆ, بەڵام بە داخەوە هەتا ئێستاش جگە لە پرۆژەی قەرز, هیچ کومپانیایێکی ژاپۆنی لە هیچ بوارێکدا وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی لە عێراق نەکردوەو هێشتا بریاریشان نەداوە بە بەشداریکردن بە تایبەتیش لە کەرتی وزەو نەوت و غازی هەرێم, جگە لە پرۆژەکانی قەرز وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا کە ئەویش لە چوارچێوەی پەیماننامەێکی نێودەوڵتیدایە, لە کاتێکدا ژاپۆن زۆر پێویستی بە نەوت و غازی عێراق و هەرێم هەیەو لە وڵاتەکەی خۆیاندا هیچ سەرچاوەێکی سروشتی لەو جۆرە شك نابەن و زۆربەی بەرهەمەکانی وزە لە غازی سروشتی و پترۆڵ لە وڵاتانی ڕۆژهەلاتی ناوین و کەنداو ئێران و بەتایبەتی قەتەرو ئوسترالیا هاوردە دەکەن بۆ وڵاتەکەیان! لە کاتێکدا عێراقیش وڵاتێکی دەوڵەمەندە لەو سەرچاوانەو پتر لە 90٪ نەوەد دەر سەد لە ڕووی ئابووریەوە پشت بە بەرهەم و هەناردەکردنی نەوت دەبەستێت بۆ وڵاتانی دەرەوە وە بەرهەمیشی بەرەو زیاد بوون دەڕوات وەك لەم گرافەی لای خوارەوەدا هاتوە کە لە خودی تازەترین دراسەکەی جایکادا هاتوە, بەڵام نا جێگیری باری ئاسایش لە عێراق هەمیشە جێگەی دڵە ڕاوکێی ئەوانە:




**نەخشەی (1) گرافی هەناردەی نەوتی خاوی عێراق بۆ دەرەوە (لە باشترین کەیس و کۆنسێرڤاتیف) لە ساڵی 2008 بۆ 2017**

گەشەکردنی ئابووری عێراق و بەتایبەتیش هەرێمی کوردستان و هەڵکشانی ئاستی ئابوری و وەبەرهێنان و ئاستی هەناردەکردنی نەوت و غاز لە ساڵانی داهاتودا واقیعێکی حاشا هەڵنەگرە وەك لە دراسەکەشدا هاتوە, هەر بۆیەش جایکا بەردەوامە لە لێکۆڵینەوەو ڕوپێوی لەسەر ئەم بابەتانە و خولی جۆراوجۆر هەڵدەبژێرێت لەو بوارە

پەیوەندارانەدا بۆ کادیرانی پێشکەوتوی عێراق و هەرێم بۆ لە نزیکەوە ئاگادار بوون لە پلان و دیدگای عێراقیەکان بەتایبەتی دەربارەی ئاراستەکانی وەبەرهێنانی بیانی, لەکاتێکیشدا ڕێژەی نەشونمای بەرهەمی ناوخۆ بۆ هەر تاکێك کە ناسراوە بە جی پی دی Gross Domestic Production - GDP لە هەڵکشانێکی بەرچاودایە لە عێراق و بەتایبەتیش لە هەرێمی کوردستان کە زۆر لەو ڕێژانەشی تێپەڕاندوە کە لە دراسەکەدا هاتوە چونکە ئەوان ڕاپۆرتەکەیان بۆ هەموو عێراق کردوە ئەگەر چی تایبەتمەندی کوردستان جێگەی گرنگیدانیانە , **یەکێك لە پێوەرەکانی بوژاندنەوەی ئابووری هەر وڵاتێك یان هەرێمێك بریتیە لە بەرزبونەوەو گەشەی خێرای ڕێژەی جی پی دی GDP بۆ گشت تاکەکانی کۆمەڵگا, بۆیەش ژاپۆن بەهیواوە دەڕوانێتە دوارۆژو ژینگەی لەباری وەبەرهێنانی بیانی و لە هەوڵی ئامادەسازی دایە بۆ بەدەست هێنانی هەلی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی بۆ کومپانیا ژاپۆنی و هاوکارەکانیان بەتایبەتی لە دوای باشتر بوونی بارودۆخی ئاسایش.**




Source: JICA Survey Team

**Figure 6.1-2 Iraqi Economy and Historical Development of Oil Producing Countries**

**نەخشەی (2) هەڵکشانی پێشکەوتنی ئابوری و ڕێژەی (جی پی دی)و خزمەتگوزاریەکان لە عێراق و وڵاتانی خاوەن پترۆڵ بە گوێرەی جایکا**




Note: Estimates after 2010.
Source: IMF.

**Figure 3.2-1 Iraq's GDP in US Dollars**

**نەخشەی (3) ڕێژەی جی پی دی بۆ گشت تاکەکانی کۆمەڵگای عێراقی لە 2004 بۆ 2018 بەگوێرەی داتاو پێشبینی جایکا**

بێگومان جایکای یابای ئەم بابەتەی هەڵبژارد دوای ڕوپێوییێکی ووردی ئابووری سەرتاسەری بە کۆکردنەوەو شیکردنەوەی داتا لە بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافیاو ئابوری بە گشت سێکتەرەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و وزەو ..هتد لە گشت وەزارەت و دەزگاکانی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە بە چەند قۆناغێك : قۆناغی یەکەمی لە دوای کۆنگرەی مەدریدی ساڵی 2003 لە دوای داڕمانی ڕژێمی پێشوو هەر بەو هیوایەش لەو کۆنگرەیەدا ( 5 ) پێنج ملیار دۆلاری بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ گشت کەرتەکان تەرخان کرد کە یەك ملیارو نیو دۆلار وەك بەخشین بوو واتە Grant ئەوی تریش کە ( 3.5 ) سێ ملیارو نیو دۆلار بوو وەك قەرزی درێژ خایەن کە ناسراوە بە ODA Soft Loan , بەڵام دوا قۆناغی ئەو دراسەو ڕوپێویە لە تەموزی ساڵی 2013 کۆتایی پێ هات و لێرەدا باس لە چەند لایەنێکی دەکەین و ئەم خولەی FDI بەدوای خۆیدا هێنا,




**نەخشەی ( 4 ) لە ساڵی 2006 بۆ 2011 وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی FDI بە ملیون دولار لە عێراق**

واتە دوای تێپەڕبوونی پتر لە دە ساڵ هێشتا ژاپۆنیەکان دڵنیانین لە دۆخ و ژینگەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆ لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا, ئەگەر چی ئێمە وەك ئەرکێکی سەرشانمان و پێویستی وڵات بۆ وەبەرهێنانی بیانی و بەتایبەتیش ژاپۆنی زۆر هەوڵمان دەداو هانمان دەدان و پێمان ڕاگەیاندن کە بەشداری لە پرۆسەی وەبەرهێنان بکەن لە عێراق و هەرێم, بەتایبەتیش هەرێمی کوردستان کە ژینگەی لەبارترە لەزور ڕووەوە وەك لە عێراق , بەڵام دیارە ئەوانیش بۆخۆیان پێوەری خۆیانیان هەیە بەتایبەتیش ڕووپێویە مەیدانیە بەردەوامەکانیان وەك لە سەرەوە ئاماژەم پێ دان, بۆیە بە پشت بەستن بەو ئەزموونە زۆرەی کە لە گەڵ عێراقی کۆن و تازە هەیانە جگە لە سوود وەرگرتن لە داتای کۆکراوەو ڕاپۆرت و زیارەتە مەیدانیەکانی ئاژانسە نێودەوڵەتیەکان وەك بانکی جیهانی World Bankو ئاژانسەکانی UN و لێکۆلینەوەو پێوەرە ئابوریەکان , بازرگانی و هەوڵی کردنەوەی ناوچە ئازادەکانی بازرگانی Free Zone, پیشەسازی و وزەو ژینگەو زۆر بواری تریش کە لێرەدا مەبەستم نیە باس لەو ڕاپۆرتەی جایکا بکەم بەقەدەر باس لە دەرئەنجامەکانی ڕاپۆرتەکەی بکەم, کە یەکێك لە دەرئەنجامەکانی جەخت کردنەوە بوو لە سەر برەودان بە وەبەرهێنانی بیانی کە بە پێویست زانرا بوو لە لایەن جایکاوە , لە بەشێکی دیایکراوی ڕاپۆرتەکەدا هاتوە:

کە لێرەدا بە پێویست دەزانم باس لە تەنها لایەنێکی سەرنج ڕاکێشی ڕاپۆرتەکە بکەم کە **بەراوردێك و توێژینەوەی نەشونمای ژمارەی دانیشتوانە لە نێوان عێراق و ژاپۆن بۆ ماوەی 150 ساڵ واتە لە 63 ساڵی ڕابردوو , ئێستا وە 87 ساڵی داهاتو ( لە ساڵی 1950 بۆ 2100 ) کە تێبینی دەکەین بۆ کۆتایی ئەم سەدەیە ژمارەی دانیشتوانی عیراق دەگاتە 140 ملیۆن و بە پێچەوانەوە ژمارەی دانیشتوانی ژاپۆن دادەبەزێتە 90 ملیۆن کە بۆخۆی ئێستا پتر لە 126 ملیۆن دانیشتوانیەتی و هەر بۆیەش خۆیان بە کۆمەڵگایێکی پیر ناو دەبەن, بەهۆی باشی خزمەتگوزاریەکان و بەتایبەتیش پەروەردەو تەندروستی, بۆیە نزیکەی 25٪ ی خەڵکی ژاپۆن تەمەنی لە سەروی 63 ساڵیدایە!** وە ئێستا زۆر سەرقاڵی ئەو کێشەیەو چارەسەریەکانین بە دابینکردنی خزمەتگوزاری باشتر بۆ بەتەمەنەکان, کە ئەمە خەرج و پێویستی بۆ خومەتگوزاریەکانی زیاتری دەوێت و , بەپێچەوانەشەوە گەشەی ئابووری وڵات وەك پێویست نابێت و چارەسەری ژیرانەو وردی گەرەکە ! لە لایێکی تریش ژاپۆن لە هەوڵی ئەوەدایە کە بەڵانسێك دروست بکات بۆ ئەم کێشە هەمەلایەنە ( کۆمەڵایەتی – ئابوریە ) چارەسەر بکات بە گرتنە بەری پلانی جۆراوجۆرو لە سەر ئاستی ناوخۆ دەرەوە : سادەترینیان لە سەر ئاستی ناوخۆ بە هاندانی هاوسەرگیری و منداڵ پەروەردەکردن و زۆر پلانی تریش کە دەرئەنجامەکانیان دەبنە هۆی نەشونمای ئابوری و GDP کە لە ئێستاداو لەم ساڵانەی دواییدا لە لوتکەوە بەرەو دابەزیندایە, وە لە سەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە دوور نیە ژاپۆن هاوشێوەی وڵاتانی ئەوروپا, ئەسکەندەناڤیا, ئەمریکا, ئوستراليا وە نیوزیلاندا کە سوود لە پەنابەرانی بیانی وەرگرێت لەگەڵ برەودان بە پرۆسەکانی وەبەرهێنانی بیانی ڕاستەوخۆ:

تکایە بڕوانە گرافی ژمارە (4) پێشبینیەکانی گۆڕانکاری لە ژمارەی دانیشتوانی ژاپۆن–عێراق تەنها وەك بەراوردێك لە ساڵی 1950 بۆ 2100 بەگوێرەی سەرچاوەکانی UN وەك لە نەخشەی ژمارە ( 4 ) ی لای خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە.




Note: Estimates start after 2010.
Source: UN

**نەخشەی (4) گۆڕانکاری سەرنج ڕاکێش لە ژمارەی دانیشتوانی ژاپۆن–عێراق وەك بەراورد لە ساڵی 1950 بۆ 2100 بەگوێرەی سەرچاوەکانی UN**

خولی هاندان و ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی (Foreign Direct Investment Promotion) بەبەشداری نوێنەرانی وەزارەتە پەیوەندارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بەم شێوەیەی لای خوارەوە بو بەداخەوە کە بەشێك لە بەشداربوانی دەزگاکانی تر نەیان توانی ئامادە بن:

**بەشداربوانی وەزارەت و دەزگاکانی هەرێم** : بە کۆی ( 6) نوێنەر:

1 0 وەزارەتی پلان دانان – ب.گ. پلانی ستراتیژی –یەك بەشدار

2 . وەزارەتی ناوخۆ – ب .گ. دیوان– یەك بەشدار

3 . دەستەی وەبەرهێنان – ب. گ .وەبەرهێنانی – یەك بەشدار

4 . سەرۆکی شارەوانی دهوك – یەك بەشدار

5 . وەزارەتی شارەوانی – ب.گ. ئاووئاوەڕۆکان – ب. ئاوی سلێمانی. یەك بەشدار

6– وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان – یەك بەشدار.

**بەشداربوانی وەزارەت و دەزگاکانی بەغدا** :هەروەها لە حکومەتی عێراقی ئیتیحادی نوێنەرانی ئەم وەزارەت و دەزگایانە ئامادەبوون کە لە خوارەوە ئاماژەیان بۆ کراوە بە کۆی ( 5 ) نوێنەر کە بەشێك لە بەشداربوانی دەزگاکانی تر نەیان توانی ئامادە بن:

دوو (2) نوێنەری دەستەی وەبەرهێنان یەك (1) نوێنەری وەزارەتی کارەبای عێراق

(1) نوێنەری وەزارەتی پیشەسازی و کانزاکان (1) نوێنەری دەستەی گمرگەکان.

**کۆرسی وەبەرهێنانی بیانی و کاریگەریە پەیوەستەکان بە وەبەرهێنان لە ئێستای عێراق دا:**

زۆربەی باسەکانی کۆرسەکە دەربارەی چۆنیەتی هاندانی وەبەرهێنانی بیانی بوو بەگشتی و, چۆنیەتی هاندان و ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی بۆ گشت عێراق لە بەر گرنگی پرۆسەکە, کە بەگوێرەی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتیەکان و چۆنیەتی سوود وەرگرتن لێیان و بەراوردکردنیان لەگەل یاساو رێساکانی ناوخۆی عێراق و هەرێمی کوردستان, چونکە زۆربەی ئەوانەی کە وەبەرهێنان لە عێراق و هەرێم دا چالاکن , هەتا ئێستاش وەبەرهێنەری ناوخۆن و ئاراستەکراون، کە جێ بە جێ کردنی یاساو رێسا ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان وەکو پێویست نیەو زۆر سوود لە ئەزموونی وەبەرهێنانی بیانی وەرنەگیراوە, هەر لە سەرەتای چۆنیەتی هەڵبژاردنی چەشنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان بە گوێرەی پێویستی خەڵك نیە, یان دراسەی کەڵکی ئابووری پرۆژەکان, ئامادەکاریەکانی تەندەرو گرێبەست و پرۆسەی کڕین و فرۆشتن procurement procedures هەروەها لاوازی ڕێکارە یاساییەکان لەکاتی ئەنجامدان و جێ بە جێ کردن و کارپێکردنی پرۆژەکاندا, هەروەها سەبارەت بە پرۆژە ستراتیژیەکانیش بە تایبەتی لە کەرتی خزمەتگوزاری و وزەدا لاوازی بەدی دەکرێت, لە کاتێکدا ئەزموونی وەبەرهێنان لە ناوخۆی عێراق و کوردستان ئەزموونێکی تازەیەو پێویستی بە یاساو ڕێسای توکمەترو چاودێری توندتر هەیە, بۆیە لە زۆربەی باسەکاندا گرنگی زۆر درا بوو بە چۆنیەتی راکێشانی وەبەرهێنانی بیانی و بەگشتی و ژاپۆنی بەتایبەتی لەسەر بنەما نێودەولەتیەکان وەك لە یاساو میکانیزمەکانی ئاژانسی بازرگانی نیودەوڵەوتی(World Trade Organization (WTO هاتوە, هەروەها زۆر باس لە وردەکاری مێژوو هەیکەلیەت و میکانیزمەکان و مەرجەکانی بەشداربون و بوون بە ئەندام لە ئاژانسی بازرگانی نیودەوڵەوتی (WTO) باس و گفتوگۆی تیرو تەسەلی لێوە کرا, چونکە ئەمڕۆ زۆربەی وڵاتە پێشکەوتوەکان Developed Countries و بە وڵاتە زلهێزەکانیشەوە ئەندامن لەو ئاژانسە بە وڵاتی ڕوسیاو ( چین )یشەوە کە یەکەمیان واتە ڕوسیا نزیکەی 70 ساڵ و دوەمیان 60 ساڵ لە وتوویژو گفتوگۆو دانوساندابوون لەگەڵ ئەو ئاژانسەو تاوتوێکردنی یاساو مەرج و ڕێکارەکانی و هەمواركردنی بەشێکیان بۆ بە ئەندام بوونیان وەك دوو ئابووری بەهێز, وە لە کۆتاییدا بوون بە ئەندام لەم ڕێکخراوە سەرەڕای جیاوازی بیرو بۆچون و پرینسیپی کارکردن لە وڵاتی خۆیان ! بەڵام دیارە بە ئەندام بوون ئامانج نیە بەقەدەر ئەوەی ڕوونکردنەوەو دانوسان و شارەزابونە بە ئەزموونی نێودەوڵەتی و پەیڕەکردنی یاساو ڕێکارە نێودەوڵەتیەکان, جگە لە ئاگاداربوونە لە نزیکەوە لە بریارو رەسمی سیاسەتی بازرگانی و وەبەرهێنان و بە قەبارەو جۆرو هاوردەو هەناردەی بەرهەم و ئامێرو کاڵاکان و بەهاوسەنگیکردنیان لە ڕوی نرخ و جۆرو ئاراستەی دروستی ڕێڕەوەکانیان و مەرجەکانی بە بازارکردن و پەیڕەوکردنی یاساکان, دەر ئەنجام ئەم یاساو ڕێکارە نێودەوڵەتیانە برەودانێکە بە بوژاندنەوەی وەبەرهێنان و بازرگانی جیهانی و دروستکردنی هاوسەنگیەك لە نێوان بازرگانی و وەبەرهێنانی وڵاتانی ئەندام کە دەکرێت لە گروپی وڵاتانی جۆراوجۆردا خۆیان ساز بکەن بە گوێرەی ئاستی ئابووری جوگرافی ...هتد.

بەشێکی گرنگی تر لە باسەکان دەربارەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشە یاسایی و داراییەکانی وەبەرهێنان بوو واتە (حل النزاعات - The Cross - Border Commercial Dispute Resolution) لە نێوان

وەبەرهێنەرە جیاجیاکاندا و حکومەتەکاندا بەتایبەتی کێشە نێودەولەتیەکانی وەبەرهێنەران لە جنسیەی جیاواز ڕوو دەدات.

**جۆری گرێبەستەکانی وەبەرهێنان -Type of Investment Contracts :**

بەگشتی و لەسەر ئاستی جیهانی باس لە جۆرو چەشنی گرێبەستەکانی وەبەرهێنان Investment Contracts کرا کە چەند جۆرێکن و گرنگترینیان لە ڕوی نێودەوڵەتی و ناوخوییەوە ناسراون, جگە لە گرێبەستەکانی وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت و گرێبەستە کلاسیکەکان وەك "BOO" واتە Built Operate Own کە خاوەندارێتی لە کۆتاییدا دەگەڕێتەوە بۆ وەبەرهێنەر دوای ماوەی دیایکراو, یان جۆری "BOT" ,واتە Built Operate Transfer کە دوای تەواو بوونی وادەی گرێبەست پڕۆژەکە ڕادەستی لایەنی یەکەم دەکرێتەوە ئەگەر کەرتی گشتی بێت, یان گرێبەستی جۆری " BTO " Built Transfer Operate واتە لەگەڵ تەواو بوونی ئەنجام دانی پڕۆژەکە ڕاستەوخۆ خاوەندایێتی ڕادەستی لایەنی یەکەم دەکرێتەوە بەڵام کار پێکردنی پڕۆژە بۆ ماوەی دیاریکراو لە ئەستۆی وەبەرهێنەرە, وە جۆری تریش لە گرێبەستەکانی بەڵێندەرایەتی و ئەندازیاری کە زۆر بەربڵاوە لە جۆری "EPC" واتە Engineering Procurement Contracting , لە دوا گۆڕانکاری لە چەشنی گرێبەستەکاندا , ئێستا زۆر جار باس لە بەشداری و هاوپشکی خەلك وحکومەتەکان دەکریت لەگەل وەبەرهێنەرانی کەرتی تایبەت لەشێوەی نوێ واتە ( ) Public Private Partnerships PPP) کە حکومەت و خەڵك بەشێوەی پشك بەشداردەبن لە پڕۆژەکاندا بە شێوەی پشکی هاوبەش لە وەبەرهێنان دا بەتایبەتی لە کەرت و گرێبەستە گەورەو گرنگەکانی وەك کەرتی گەیاندن و تیلی کومنیکەیشن Telecommunication پیشەسازی و وزەو خزمەتگوزاریەکان , وە ئەمەش بەبەشداری خودی خەلك و حکومەت لە کەرتی گشتی یان شارەوانیەکان کە لە بناغەدا پارەی خودی هاولاتیانە, **بێگومان ئەم سەرپشککردنەی هاوڵاتی دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی کارە رەخنەئامێزو نەخوازراوەکان وەك گومانی گەندەڵی Corruption**, کە زۆر باسی لێوە دەکرێت لە میدیا ناوخۆیی و جیهانیەکانداو ڕاپۆرتەکانی ئاژانسی شەفافیەتی نیودەوڵەتی International Transparent Agencyدەربارەی بەرزی ئاستی گەندەڵی لە عێراق و سودان و زۆر لە وڵاتانی تری ناوچەکە, کە تەوەرێکی تری خولەکە بوو جێگەی پرسیارو سەرنجی ژاپۆنیەکان بوو, لە پەیرەوکردنی یاساو رێنمایە نیودەوڵەتیەکان بەسوود وەرگرتن لە ئەزمونی وڵاتانی پێشکەوتوو خاوەن ئەزمون و سەرکەوتوو لە بواری وەبەرهێنان وەك ژاپۆن و وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا, هەروەها سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ئاژانسە نیودەولەتیەکان وەك بانکی جیهانی World Bank (WB) وە ئاژانسی ( WTO) کە دەبنە هۆی چاودێری باشترو ڕوونی پڕۆسەکە بۆ گشت لایەك و بە پێوەرە نێودەوڵەتیەکان هەروەك ئێستا پەیڕەو دەکرێت لە مالیزیاو ڤیتنام و زۆر وڵاتی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا.

لە کۆتایی خولەکەدا سەردانی مەیدانی بۆ چەند کارگەو کومپانیایێکی ژاپۆنی زۆر سەرکەوتو کرا کە وەبەرهێنان لە دەرەوەی ژاپۆن دەکەن وەك وڵاتی مالیزیا، ڤیتنام وە چین, یان بەرهەمەکانیان لە ئامێرو تەکنولوجیای نوێ ڕەواجیان هەیەو هەناردەی دەرەوەی ژاپۆن دەکرێت یان کارگەو بەرهەمیان بۆ زۆربەی وڵاتانی دەرەوە هەیە,

کۆمپانیاکان بریتی بوون لە: Mitsubishi Corporation– میسیوبوشی – شیمادزو - TOYO – Shimadzu Corporation – Marubeni Corporation– ماڕوبینی – میتسیو, هیتاچی ....هتد

وە لەرۆژی 2013/12/19 لە کۆنفراسێکی فراواندا لە شاری تۆکیۆ بە ئامادەبوونی بریکاری وەزارەتی پلان دانانی عێراق بەڕێز د.سامی مەتی, وە بەشداری شاندەکەی هەرێمی کوردستان لەگەل نوینەرانی نزیکەی سەد 100 گەورە کومپانیای ژاپۆنی بۆ خۆناساندن و گفتوگۆو باسکردن و پێشاندانی ژینگەو بارودۆخی وەبەرهێنان لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەشێوەی نمایش Presentation, کە ڕوونمانکردەوە کە هەلی وەبەرهێنانی بیانی لە هەرێمی کوردستان لەبارترو ژینگەیێکی گونجاوتری هەیە لە بوونی سەرچاوە سروشتیەکانەوە و ئاسایش و خزمەتگوزاریەکانەوە وە لە کەرتە جیاجیاکاندا بە تایبەتی کەرتی کارەباو وزەو بنیاتنانەوە (Reconstruction) , لە کۆنفڕانسەکەدا ئالوگاری زانیاری کرا لەگەل کۆمپانیاکان کە زۆربەیان پێ یان خۆش بوو بەشداری پرۆژەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق بکەن بە تایبەتی وەك ڕوونکرایەوە لەلایەن جایکاوە کە ئیدارەی کۆنفڕانسەکەی دەکرد کە دوای مانگی نیسانی 2014 کە پەیمانی هاوکاری و هەماهەنگی حکومەتی عێراق و ژاپۆن قەولە واژۆ بکرێت و بڕواتە بواری جێ بە جێ کردن کە لە بناغەدا ڕەزامەندی لەسەر دراوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، بۆیە مەزەندە دەکرێت کە پەیوەندیەکانی عێراق – ژاپۆن بڕواتە قۆناغێکی نوێوەو لە بەرژەوەندی هەردوو گەلی عێراق و ژاپۆن و بوژادنەوەی بوارەکانی وەبەرهێنانی نیانی.

**وەبەرهێنانی بیانی و گەشەکردنی لە هەرێمی کوردستان:**

پێناسەی وەبەرهێنانی بیانی لەلایەن پارێزەر خاتو ئۆشی ماسامی(Ms. Oishi Masami) لە ئۆفیسی پارێزەرانی نیودەولەتی شاری ئوساکا Osaka بەم شێوەیەیە, کە لە ڕۆژی 2013/12/11 باسەکەی پێشکەش کردو وە پێناسەی بۆ وەبەرهێنان بەم شێوەیە بوو:

وەبەرهێنانی بیانی سەرکەوتوو بریتیەلە بنیادنانی پەیوەندێکی هاوسەنگ و بەسوود بۆهەردوو لا, کە ناسراوە بە پەیوەندی بردنەوە–بردنەوە واتە (win-win relation)لەنێوان وەبەرهێنەری بیانی - ژاپۆن و لایەنی دووەم - حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك نمونە , وە **ناکرێت وەبەرهێنان بکرێتە ئامرازی بەدەستهێنانی قازانج بۆ یەك لایەن.**

**دەرئەنجام:**

ڕاکێشانی وەبەرهێنانی ڕاستەخۆی بیانی پێشکەوتو بەتایبەتی ژاپۆنی بۆ هەرێمی کوردستان زۆر کاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر برەودان بە پرۆسەی وەبەرهێنان بەگشتی و بوژاندنەوەی ئابووری بەتایبەتی بۆیە زۆر کەرت و لایەنی پەیوەند بە پێویستەکانی وەبەرهێنانی بیانی لە عێراق و هەرێمی کوردستان باسی لێوە کراو گفتوگۆی تێروتەسەلی لەسەرکرا, بەتایبەتی کەرتی پیشەسازی و وزە و ئامێرو تەکنۆلۆجیای پێشکەوتو کە کومپانیاکانی ژاپۆن لە جۆرو کوالێتی Qualityبەرهەمەکانیان لە لوتکەدایە بە بەراورد بەو ئامێرو کەلوپەلانەی کە ئێستا بازارەکانی عێراق و هەرێمیان

داپۆشیوەو وەك پێویست نین لە جۆرەکانیان وە زۆربە سەرچاوەی دروستکردنیان دیارنین, هەروەها جەخت لە سەر ژینگەی هەلی وەبەرهێنانی بیانی کرا لە باشبوونی ئەمنیەت و ئارامی ئاسایش و زۆری سەرچاوەی سروشتی لە هەرێمی کوردستان وە هەروەها بوونی تەشریعاتە یاساییەکان لەیاسای وەبەرهێنانی ژمارە (4) لەسالی 2006 و ڕێنمایی تایبەتمەند بە ئاسانکاری وەزارەت و دەزگاکانی حکومەت لە دابینکردنی خزمەتگوزاریەکاندا بۆ گشت جۆرەکانی وەبەرهێنان لەوانەش وەبەر هێنانی بیانی ڕاستەوخۆ.

بەگشتی ڕۆڵی دواکەوتنی وەبەرهێنەرە بیانی و ژاپۆنیەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە چەند هۆیەك دەستنیشانکرا لەوانە:

1. بارودۆخی ناجێگیری ئاسایش لە عێراق بەتایبەتی.
2. لاوازی تەشریعاتی یاسایی عێراق (Legislations).
3. قۆرخ کردنی هەندێك بواری وەبەرهێنان.
4. لاوازی سیستمی بانکی و دڵنیاییەکان ( insurances ) .
5. نەبوونی هاوسەنگی لە پرۆسەی کێبڕکێکاندا، زۆرجار کۆمپانیا بیانی و یابانیەکان ناتوانن کێ بڕکێ ی کۆمپانیا ئیرانی و تورکی و چینی و کۆریەکان بکەن کە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا بەرژەوەندی تریان هەیە, چونکە کۆمپانیای ڕەسەن دووردەکەوێتەوە لەهێنانی تەکنولۆجیای لاواز و ئەنجامدانی پرۆژەی بێسوود بەبێ دراسەی کەڵکی ئابووری Feasibility Study و دراسەی کاریگەریەکانی ژینگەی EIA- Environment Impact Assessmentبۆ ئەنجام نەدرابێت.

ئەمانەو ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەی پێ درا بەگشتی تەوەری گرنگی وەبەرهێنانی بیانی بوون لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە دیدی ژاپۆنیەکان و یاساو ڕێکارە نێودەوڵەتیەکانەوە بە بەراورد لە وەی کە ئێستا لە عێراق و هەرێم دا دەگوزەرێت , هەروەها گرنگیدان و پێشخستنی بواری (R & D) (Research & Development) کە سێکتەرێکی گرنگی پەیوەست بە پێشکەوتن و بوژاندنەوەی ئابووری و وەبەرهێنانەوە هەیە لە وڵاتی یابان جەختی لەسەر کرایەوەو, وە نزیکەی 5٪ ی بودجەی ئابوری بۆ تەرخان دەکرێت وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێ داوە.

## سەرچاوەکان:


Data Collection Survey on Business Environment in the Republic of Iraq
Final Report – July 2013
**By: Japan International Cooperation Agency ( JICA )**
**UNICO International Corporation**
Japan Economic Research Institute Inc.